www.kurdistannet.org
21-2-2006 10:31بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# لاپەرەی مێژوو بەوان پڕ ئەبێتەوە ... باوکی هەلۆ گەرمیانی

زۆرم کرد ئازیزەکەم بگەڕێمەوە
دەستم لەگەردنتا دا نێ مەوە
خۆشەویستی تۆ بۆمن ناگێرێتەوە
ژیان بەبێ تۆ وردە وردە ئەتوێتەوە
پێش گەرانەوەم بلێ بەوانە
بەجێی بێلن ئەو کوردوستانە
تاکەی کوردوستان ئەروتێنەوە
ژیانی ئازادی دوور ئەخەنەوە
سامانی کوردوستان بۆ کوێ ئەبەن
کەی پەیمان جێ بەجێ ئەکەن
لەبەر چی دەست لەگەندەلێ نادەن
کەس نامێنێ ئەبێ هەموو ئۆغر کەن
با ناویان بمێنێ لەبەر شەهیدان
ئەوانەی بەخشیان گیان بۆ کوردان
دایك و منداڵانیان بوونەسەرگەردان
دێ مەوە رۆژێ دێت و دەگەڕێمەوە
پارتێکی نوێ بۆکوردوستان دێنمەوە
ئەوسا ئەمانە هەموو رسوا ئەبن
کەس نازانێ بۆکوێ ئۆغر ئەبەن
سامانیان هەربۆ تۆ ئەگەرێتەوە
لاپەرەی مێژوو بەوان پڕ ئەبێتەوە...